حکومەتی هەرێمی کوردستان: برنجی گەرمیان دەنێردرێتە ناوەڕاست و خواروی عێراق

حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، ساڵانە سێ جۆر برنجی گەرمیان دەنێردرێتە ناوەڕاست و خواروی عێراق.

فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ (شەممە 2ـی کانوونی یەکەمی 2023) بڵاویکردەوە، لە خاکی بێپیتی گەرمیان سێ جۆر برنجی بازاڕگەرم بەرهەم دەهێنرێن و ساڵانێش دەنێردرێنە شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق.

هەروەها راشیگەیاند، لەم وەرزەدا جووتیارانی گەرمیان خەریکی دووریندووی چێتووکی بەرهەمەکانیانن.

لەبارەی جۆرەکانی برنجی گەرمیان فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوە کردووە، جۆرەکانی برنجی گەرمیان بریتیین لە نێگازی بازیان، نێگازی کوردی و چێتووکی بەرازیلی، وا پێشبینی دەکرێت بەرهەمی ئەمساڵی چێتووکی گەرمیان زیاتر لە 1400 تەن بێت.

محەمەد عەبدوڵڵای جووتیار کە 30 دۆنم برنجی داچاندووە، لەسەر ئەم بابەتە بە فەرمانگەی میدیا و زانیاریی راگەیاندووە، "برنجەکە باش و خواستی زۆری لەسەرە، جگە لە بەکارهێنانی لە هەرەم، بە ناوەڕاست و خواروی عەراقیش ڕەوانە دەکرێت".

لەمبارەیەوە ئیسماعیل محەمەد، لێپرسراوی بەشی خزمەتگوزاریی کشتوکاڵیی گەرمیان، بە ماڵپەڕی میدیا و زانیاری گوت: "زیاتر لە 1600 دۆنم زەویی گەرمیان بە برنج داچێنراوە، وا دەخەمێنین 1400 تۆن بەرهەممان هەبێت، دوای پێکردنەوەی پێداویستیی گەرمیان بە برنج، ڕەوانەی شارەکانی دیکەی هەرەم و ناوەڕاست و خواروی عەراق دەکرێت."

ڕوونیشیکردووەتەوە، برنجی کوردی لە هەرەمی کوردستان بڕوی زۆری هەیە، جگە لەوە لە ناوچەکانی عەراقیش خواستی زۆری پێیدا کردووە، حکومەتی هەرەمیش سانا گەشە بەو کەرتە دەدات و پشتیوانیی جووتیاران دەکات.